# کێشەی قەڵەم و هزر ، بە قەڵەم و هزر چارەسەر بکەن

سەلام عەبدوڵلا!

ئەمرۆ بەهۆی ماڵپەڕی کوردستاننێت فەرمانێکی قیزەوەنم خوێندەوە لە رۆژنامەی برایەتی لە دژی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی (رای گشتی) رێزدار کامەران محی الدین رشید. بەبێ ئەوەی بە پێویستی بزانم، رۆژنامەی ناوبراو چ کارێکی نابەجێی کردووە، نەفرەتم لەو بڕیارە کرد، چونکە رۆژنامەو هەموو ئامرازەکانی بلاّوکردنەوەی بیروڕا، بەرهەمی راپەڕینی ئازادییە، بۆیە لەم بوارە هەر کێشەیەك بێتە پێشەوە، دەبێ تەنها و تەنها بە بە قەڵەم وەلاّم بدرێتەوە، نەك بە کەلەپچە، زیندان، دەسگیرکردن! قەڵەم زمانی هوشیاری و بەرپرسێتییە، ئەوانەی تر دڕندایەتی!رەنگە رۆژنامەی ناوبراو هەڵە یا کەموکوڕی یا هەر نوقسانییەکی ناشرینی کردبێ، بەلاّم هەرگیز مانای ئەوە نییە، فەرمانی دەستگیرکردن دەربکرێت. **ئەمە پێشێلکردنی مافی ئازادی و حورمەتی راپەڕینی ئازادی خەڵکی کوردستانە.** چارەسەرکردنی کێشەی بیروڕا، تەنها بە رێگای نووسین چارەسەر دەکرێ نەك بە زیندان. ئەمە میتۆدی تەرەسەکەی بەغدایە، نەك دەسەلاّتی پاش راپەڕین لە کوردستان. ئەرکی ئێوە ئەوەیە، زەمینە خۆش بکەن بۆ ئەوەی خەڵك لە مۆتەکەی زەوتکردنی بیروڕا رزگاری ببێ، نەك حیساب بۆ هەر پیت و شەیەك بکرێت، داخۆ لە سەریان زیندان دەکرێ یا نا!

ئەمە یەکەم جار نییە، ئیدارەی هەولێرو سلێمانی دەست بۆ میراتی گەندەڵی فاشییەت ببەن. ئەوە چەندین جارە ئەم جۆرە مامەڵە ترسنۆکانە لە بەرامبەر خاوەن قەڵەم پەیڕەو دەکەن، بۆیە ترسی ئەوە هەیە، هەنگاو بە هەنگاو، لە پاڵ بانگەوازی ئازادی و دیموکراسی، و بەناوی ئەوەی"ئازادی سنووری هەیە" یا" ئەوە سوود وەرگرتنە لە ئازادی" ئازادی لە گۆڕ بنێن. ئەگەر ئێوە بەراست پەرۆشی دادپەروەرین وبەراست دەتانەوێت ئەزموونەکەمان بۆ پێشەوە ببەن، ئەوا قەڵەمەکانتان بخەنە گڕ و بەتوندی وەلاّمی هەڵە و. . . هتد رۆژنامەی رای گشتی بدەنەوە، هەروا ئێوە وەك دادپەروەرێك دەتوانن فەرمانی دەستگیرکردنی ئەنفالچییەکان دەربکەن، نەك خاوەن قەڵەم. ئایا گونجاوترو هووشیار و دانا تر نییە، بە رێگای رۆژنامە، گۆڤار، تەلەفزیون و رادیوکانەوە وەلاّمی رۆژنامەی رای گشتی بدەنەوە؟ من چۆن وەك تاقە کەسێکیش لە سالاّنی رابردوو، بە کردەوە دەنگم بۆ مافی ئازادی بلاّوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستانی نوێ و برایەتی لە هەولێرو سلێمانی هەڵبڕی، لە دژی داخستنی بیرۆی (بۆ پێشەوە) نامەی پرۆتێستی خۆم بلاّوکردەوە، لە دژی دادگاییکردنی چەند رۆژنامەنووسێك لە لایەن دادگای هەولێر و سلێمانی راوەستام و بە تاوان لە قەڵمیانم دا، ئەوا ئەم جارەش، بە هەمان پرەنسیپ، فەرمانی دادوەر مەحکوم دەکەم وداوا لە هەموو ئەو خاوەن قەڵەمانە دەکەم کە هێشتا پوول قەڵەم و هوشیاریان چڵکن نەکردووەو ئەوانەی بەڵێنی جانتای وەزیریان پێنەدراوە، دەنگ لە دژی ئەم تاوانە هەڵببڕن.

با پێکەوە بە گیان و رۆحی راپەڕینی١٩٩١وە هاوار بکەین: دەست لە بڕیاری دەسگیرکردن هەڵگرن!

لە کۆتاییدا، داوا لە بەرپرسیارانی هەردوو ئیدارەکە دەکەم، ئۆتۆریتێتی خۆیان بەکار بهێنن بۆ رێگاگرتن لە گشت هەوڵ یا بینوویەك کە نیازی گەندەڵی سەرکوتکردنی بیروڕا دەربڕینیان هەیە.

ئازاد بێ قەڵەم

٢٠٠٢/٦/١٧

- هەموو رۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکان
- بۆ وەزارەتی دادی هەولێر
- بۆ دەستی دادوەر هادی ئەسماعیل محەمەد

www.kurdistannet.org